## بسم الله الرحمن الرحيم

الحمــــد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونعوذبالله من شرورانفسناومن سيئات أعمالنا من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له وأشهدان لااله الاالله وحده لاشريك له وأشهد أن محمــــدا عـــبده ورســـوله،اللهم صل وسلم وبارك عليه وعلى أله وأصحابه،ومن سلك سبيله واهتدى بهديه الى يوم الدين ٠

أما بعد :

شـەيتان لـە بۆسـەدايە بـۆ موسـوڵمانان بـەردەوام هـەوڵی لاڕێ كردن و گومڕاییان دەدات بێ ووچـان بـۆ ئـەو مەبەسـتە تێ ئەكۆشـێ لـەدوو دەروازەی سـەرەكیەوە هێـرش دێـنێ و پـەلاماردەدا، یەكیـان : ئەگـەر موسـوڵمانێك كەمتەرخەم بوو وەسەرقاڵی ئارەزوو بازی بوو ئـەوا تـاوان و ڕابـواردن و تێركـردنی غەریـزەكانی بـۆ دەڕازێنێـتەوە و لـەبەر چاوانی جوان دەكـاو هەسـتی دەبـزوێنێ تـا زیاتـر دووربێ لـە فەرمانـەكانی خواو لاڕێیی بكا لە جێ بەجێ كـردنی فەرمانـەكانی پێغەمـبەر صلى الله عليه واله وسلم پێغەمـبەری ئازیزیشمان فەرموویەتی : ( حفت الجنة بالمكاره وحفت النار بالشهوات ) بوخاری ڕیوایەتی كردووە (٦٤٦٨)

دووەمیان : ئەگـەر موسـڵمانێك پەیوەسـت بـوو بەفەرمانەكانی خواو خۆی بەدوور گرت لە قەدەغەكـراوەكانی پەرستنی خواو ڕازی كردنی مەرامی بوو ، ئەوا لـەڕێی زیادە ڕەوی وزۆر ڕۆچـوونەوە هێرشی بـۆ دێـنێ و لـەو دەروازەیـەوە دەیـەوێ تێكی بـشكێنێ ناهـەقی لێ بكا بەهـەق و هەقیشی لێ وونكا ، خوای پەروەردگاریش فەرموویەتی : { یا أهل الكتاب لا تغلوا في دیــنكم ولا تقولــوا علــى الله إلا الحق} واتـە : ئـەی ئەوانەی پەڕاوتان بۆ نێرراوە زیادەڕەوی ( هەڵەڕۆیی ) لە ئاینەكەتاندا مەكەن وە جگە لە حەق و ڕاستی هیچ دەربارەی خوا مەڵێن ٠

هەرسـەبارەت بـەزیادڕەوی و زۆر ڕۆچـوونەوە فەرمـوویەتی : {قل یا أهل الكتاب لا تغلوا في دینكم غیر الحق ولا تتبعوا أهواء قوم قد ضلوا من قبل وأضلوا كثیرا وضلوا عن سواء السبیل} واتـە : بڵـێ ئەوانـەی پـەڕاویان بـۆ نێـرراوە زیـادەڕەوی (هـەڵەڕۆیـی ) لە ئاینەكەتاندا مەكەن ، جگە لەشـوێن كەوتنی حەق ، وەمەكەونە شوێن ئارەزووی ئەوانەی كەپێش ئێوە لەڕێ وون بوون و زۆریشان لەرێ لاداوە و خۆشیان لە ڕێی ڕاست لایانداو وون بوون ٠

پێغەمـبەری ئازیزیـشمان صـــلى الله علـــيه والـــه وســـلم لـــە حـەجی ماڵـئاوایدا ووریایـی داوە بەموسـڵمانان و فەرمـوویەتی : ( ووریـای زیادڕەویی و زیاد ڕۆچون بن لەدیندا بەدڵنیایەوە ئەوانەی پێش ئێوە بەهۆی ئەو خەسڵەتە لەناوچوون ) ٠

یەكێك لەفێڵ و تەڵەكانی شەیتان ئەوەیە بەشێوەیەك دە ینەخشێنێ كە خراپ حاڵی بوون و شـوێن قسـەی خۆ كەوتنیان لێ دەكا بەدین و پێ یان كەمیە و بەنەنگی دەزانن كە بگەرێنەوە لای كەسـانی بەهـەق شارەزا لەدین كەرێنماییان بكا بۆ ئەوەی كەدینەو پێكاو پێكی سوننەتی پێغەمبەری خوایە تالەو سەرگەردانیە ڕزگاریان بێت پێغەمبەری ئازیزیشمان صلى الله عليه واله وســلم فـەرمـوویەتی : (من یرد الله به خیرا یفقه في الدین ) واتە: هـەركەسێ خوا خێری بوێ بۆی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەدین شارەزای دەکات ، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە خوا خێری نەویست بۆ کەسێک ئەوا لەو شارەزاییەی پێ نابڕێ بەڵکو بەدەردی خراپ حاڵی بوون لە دین دەتلیسێنێتەوە گەلێک جاریش بەئاگری خۆیەوە کەسانی تریش دەسوتێنێ · هەرمایەی خراپ حاڵی بوون و زیادەڕەوی بوولەدین کە خواریج درووست بوون و شەریان لەگەڵ ئیمامی عەلی و هاوەڵە بەرێزەکانی کرد، ئەوان بەهەڵە بەپێچەوانەی هاوەڵە بەرێزەکان مامەڵەیان لەگەڵ دەقەکانی قورئان دەکردو کەوتنە زەلکاوی کافرکردنی موسڵمانان و هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەرو شەڕ لەگەڵ کردنیان !!!

یەکێک لەو بەڵایانەی کەبۆتە مایەیی نەهامەتی و دابڕانی موسڵمانان لەیەکتری و سەرهەڵدانی دەیان ناسۆرو دیاردەی دژ بەئیسلام زیادە ڕەویی و نەگەڕانەوەیە بۆلای کەسانی بەهەق شارەزا کە ئەوە کلیلی دەروازەی چارەسەری ڕاستەقینەیە بۆهەموو دیاردە ناشەرعی و بێزێنراوانە ·

مەسەلەی کافرکردنی مووسڵمانان و لەدین وەدەرنانیان وەکو باسمان کرد دیاردەیەکی تازە نیەو سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی سەر هەڵدانی خەواریجەکان و لەو ئاوەڕۆیەوە سەرچاوەی گرتووە ، وەکو ئاشکرایە هەر بەوەندە کۆتایی پێ نەهاتووە بەڵکو بۆتە مایەیی چەندین دیاردە کەپێشتر لەو چەشنەو لەو جۆرە ڕووی نەداوە ، لەوانە ڕەشە کوژی و کاول کاریی و وێرانکاری ماڵی خەڵکی بێ تاوان و زەلیل کردنی موسوڵمانان ·

بەر لەوەی بچمە سەر خوودی ئەو دیاردەیە بەپێویستی دەزانم کەمێک دەربارەی کافرکردن و بەکافر دانانی موسڵمانان بدوێم چونکە ئەوە هەوێن و هەناوی هەقیقی ئەو دیاردانەیە ، بێ گومان تەکفیر کردن حوکمێکی شەرعیەو دەگەرێتەوە بۆ خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه واله وسلم هەرکەسێک تۆز قاڵێک لە خواترسانی لەدەروون دابێ پەلە لەو کارانە ناکاو براکانی لەخۆی ناکا بەدوژمن و سەنگەریان لێ ناگرێ و موسڵمان برای موسڵمانەوستەمی لێ ناکا، خوێنی نارێژێ و ماڵی بەحەڵاڵ نازانێ ·

جاهەرکەسێکیش کە دڵنیابووین لە موسڵمانیەتەکەی ئەوا بەگومان و هەندێک دیاردە و توشهاتنی هەندێک تاوان لەدین دەرناکرێ .

هەرکەسێک حوکمی کافربوونی بەسەر کەسێک دا سەپاند و واش نەبووئەوا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە هەروەکو لە فەرموودەی ڕاستی پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم دا هاتووە :
(لایرمی رجل رجلا بالفسوق ، ولایرمیه بالکفر ، الاارتدت علیه ، ان لم یکن صاحبه کذلك)

ڕەنگە هەندێک جار موسڵمان تووشی کارێک بێ یان بۆ چوونێک بێ بۆنی کوفری لێ بێ یاخود کوفر بێ ، بەڵام بەتەنهابەوەندە بە کافر دانانرێ مەگەر تەواوی مەرجەکانی بەکافربوونی تێدابێ وەهیچ بەربەستێک نەبێ بۆ کافر کردنی ئەوەش زانایان بریاری لەسەر دەدەن · مەرجەکانیش ئەمانەن:·



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١- بوونی زانیاری ئەوەش بەوەدەبێت کەئەو موسڵمانەی ئەو کارەدەکا بزانێ کوفرە ، واتا نابێ لەنەزانینەوە سەرچاوەی گرتبێ گەر لەنەزانینەوە سەرچاوەی گرتبوو ئەوا کافر ناکرێ خوای گەورەش فەرموویەتی :
{ومن يشاقق الرسول من بعد ما تبين له الهدى ويتبع غير سبيل المؤمنين نوله ما تولى ونصله جهنم وساءت مصيرا} هەرکەسێک پاش ئەوەی راستی بۆ دەرکەوت و شارەزا بوو لەم دینە پێچەوانەی پێغەمبەر صلى الله عليه واله وسلم بجوڵێتەوەو دژایەتی بکا و ڕێیەکی جیا بگرێت لەرێی باوەرداران ، ئێمە بەورِێ یەدا دەیبەین کەخۆی هەڵیبژاردووە تا دەیبەینە دۆزەخ و دەیخەینە ئاگرەوە کە ئەوەش خراپترین و ترسناکترین سەرئەنجامە .
جاهەرکەسێک لەنەزانینەوە تێ کەوتبێ ئەوا ئەو حوکمەی بەسەردانادرێ .
٢- بەئەنقەست و مەبەستەوە ئەو قسەیەیاخود ئەو کارە کوفریە بکا ، واتە بەهەڵە نەی کردبێ جاری وا هەیە مرۆڤ قسەیەکی لەدەم بەردەبێتەوە یاخود کارێک دەکا لەڕێی لێ تێک چونەوە یاخود لەبیر چوونەوەیە سەبارەت بەوانەش خوای پەروەردگار فەرموویەتی :{ ربنا لاتؤاخذنا ان نسينا أو أخطأنا }واتە : ئەی پەروەردگارمان لێت دەپاڕێینەوە کە شتێکمان لەبیر چوو یان تیایدا بەهەڵە چووین لێمان مەگرە .
٣- بەویستی خۆی کوفر بکا بێ ئەوەی زۆری لێ بکرێ ، خوای گەورە فەرموویەتی : {من كفر بعد ايمانه الا من أكره وقلبه مطمئن بالإيمان } واتە : هەرکەسێ بێ بروایی کرد بەخوا دوای ئەوەی باوەری هێنابوو سزا دەدرێ مەگەر کەسێک زۆری لێ بکرێ و کوفری بەسەر زاری دا بێ دڵەکەی پر بێ لەباوەڕ .
خۆ ئەگەر بەزۆر پێ ی کرابوو یاخوود پێ ی ووترابوو ئەوا ئەوەش ڕێگرە لەکافر کردنی .
٤- تەئویل کردنی ڕێ پێ نەدراولەبەرامبەریدا ئەگەر لەرووی جۆرە لێکدانەوەیەک بێ دەشێ وابێ بێ گومان ئەوەش ڕێگرو لەمپەرە لەڕێی کافر کردنی بەڵگەش لەسەر ئەوە هاوەڵە بەڕێزەکان یەک دەنگ بوون لەسەر کافرنەکردنی ئەوانەی پێ یان وابوو درووستە خەمر(عەرەق )بخورێتەوە لەگەڵ بوونی پارێزگاریی (التقوى ) و باوەڕ ، کەئەو بۆچوونەشیان لەو ئایەتەوە سەرچاوەی گرتبوو کەخوای گەورە فەرموویەتی :{ليس على الذين آمنوا وعملوا الصالحات جناح فيما طعموا إذا ما اتقوا وآمنوا }واتە: هیچ گوناهێک نیە لەسەر ئەوانەی باوەریان هێناوە وەکردەوەی چاکیان کردووە لەوەی کە خواردوویانەو خواردویانەتەوە پێش حەرام کردنیان گەر بڕوایان هێنابێ و خۆیان پاراست بێ
لەبەربوونی ئەو گومانانە هاوەڵە بەڕێزەکان کافریان نەکردن ئەوەش هەمووی لەبەر ئەوەیە کەکافرکردن حەقی خواو پێغەمبەرە صلى الله عليه واله وسلم هەرکەسێک ڕاست بێتەوە بۆی نیە خۆ لەو بابەتانە هەڵقورتێنێ .


PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەکو ووتمان ئەو زیادە ڕەویە بۆتە مایەی بڵاوبوونەوەی خراپترین تاوان و ئاشووب لەزەویدا لەهەمووش سەرسوڕهێنەر تر ئەوەیە کە ئەوەی بەوکارانە هەڵدەستێ ناوی ناوە جیهاد ، بەکام دینە خۆکوژیی و ڕەشەکوژی و کاولکاری جیهادە ، هەتیووکردنی منالان و خوێن ڕشتنی موسڵمانان و بێوەژن کردنی ئافرەتان و تۆقاندنی گەورەو بچوک و تەقاندنەوەی مالان و گوێ نەدان بەوەی کێ ی تێدایە !!! ئەگەر سەیری دەقەکانی قورئان و سوننەت بکەین ئەزانین کە کوشت و کوشتار لەشەریعەتەکانی پێش ئێمەش چەند تاوانێکی گەورەو چەند ترسناک و ئەستەمە چ جای لەشەریعەتی پاکی ئیسلامی پیرۆزی خۆماندا ٠

بۆ ڕەواندنەوەی تەمی ئەو بۆچوونە پوچانە بەپێویستی ئەزانم بۆ هەریەکەیان چەند بەڵگەیەک بهێنمەوە بەڵکە پەندی لێ وەر بگیرێ و دیندارانی ڕاستەقینە بەدناو نەکرێن و لەیەک جیابکرێنەوە وەهەرکەسێکیش خولیای ئەوکارانەن و ئەو نوسراوە ئەخوێننەوە دەست بەرداربن و تەوبە بکەن بگەڕێنەوە

خوای پەروەردگار سەبارەت بەیەکێک لەکوڕانی ئادەم (علیه السلام) فەرموویەتی : {فطوعت له نفسه قتل أخيه فقتله فأصبح من الخاسرين }واتە: سەرئەنجام نەفسی هەڵیناو کوشتنی براکەی لائاسان کردو کوشتی بەوە چۆوە ناو ڕیزی زیانبارانەوە ٠

سەبارەت بەبەنوئیسرائیلەکانیش فەرموویەتی : {من أجل ذلك كتبنا على بني إسرائيل أنه من قتل نفساً بغير نفس أو فسادٍ في الأرض فكأنما قتل الناس جميعا }واتە: لەپێناو ئەوەی کەڕوویدا لەسەر بەنو ئیسرائیلمان پێویست کرد هەرکەسێک بەناهەق کەسێک بکوژێ وەکو ئەوە وایە هەموو خەڵکی سەر زەوی کوشتبێ ، ئەوەش کەسێک لەمەرگ رزگار بکات وەکو ئەوە وایە هەموو خەڵکی رزگار کردبێ ٠

پێغمبەری ئازیزیشمان صلى الله عليه واله وسلم لەفەرموودەیەکدا کە بوخاری و مسلم (٣٣٥-٦٦٧) ریوایەتیان کردووە فەرموویەتی : ( لاتقتل نفس ظلما اِلا كان على ابن آدم الاول كفل من دمها لأنه أول من سن القتل ) واتە هیچ کەسێک بەستەم لێ کراوی ناکوژرێ ئیللا بەشێک لەخوێنەکەی لەسەر ئەستۆی یەکەم کوڕی ( ئادەم )ە چونکە ئەو یەکەم جار ئەو تاوانەی داهێناو ئەنجامی دا ئەوە سەبارەت بەکوشتنی کەسێک بەناهەق ئەی کوشتنی سەدان کەسی بێ ئاگاو بێ تاوان و منال وژن وپیاوی موسڵمان؟!٠

## خۆکوژی

خوای پەروەردگار سەبارەت بەخۆکوشتن فەرموویەتی : { ياأيها الذين آمنوا لاتأكلوا أموالكم بينكم بالباطل اِلا أن تكون تجارة عن تراض منكم ولا تقتلوا أنفسكم ان الله كان بكم رحيما ، ومن يفعل ذلك عدونا وظلما فسوف نصله نارا وكان ذلك على الله يسيرا }واتە: ئەی بڕواداریینە ماڵ و سامانی یەکتری مەخۆن بەخۆرایی مەگەر لەرێی مامەڵەو مامەڵە کاریەوە بەمەرجی ڕازی بوون



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەناوخۆتاندا، خۆشتان مەکوژن بەدڵنیایەوە خوای گەورە بەرامبەر هەمووتان میهرەبانە ، هەرکەسێکیش بە ستەم و زۆرداری ئەو کارانە بکا گرفتاری ئاگری دەکەین و دەیخەینە ناوی ، ئەوەش بەلای خواوە زۆر ئاسانە ٠

پێغەمبەری ئازیزیشمان صلى الله عليه واله وسلم لەفەرموودەیەکدا کە بوخاری(٦٠٤٧) و مسلم (١٧٦)لە (ثابت بن الضحاك ) ریوایەتیان کردووە فەرموویەتی : ( من قتل نفسه بشيء في الدنيا عذب به يوم القيامة ) واتە هەرکەسێک لەدنیادا بەشتێک خۆی کوشت لەدوارۆژدا بەوە سزادەدرێ ٠

وەلەفەرموودەیەکی تردا بوخاری (٥٧٧٨ ) ومسلم (١٧٥) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە کە پێغەمبەری خۆشەویستمان صلى الله عليه واله وسلم فەرموویەتی : ( هەرکەسێک لەسەر چیایەک خۆی هەڵدێرێ و خۆی بکوژێ ، ئەوا لە ئاگردا هەمان حاڵی هەیە بەنەمری هەمیشەیی ئازاردەدرێ پیێ ی ، وەهەرکەسێک ژەهرێک بخواو خۆی دەرمان داو کا پیێ ی ، ئەوا لەئاگردا هەمان حاڵی هەیە بەنەمريي و هەمیشەیی ئازار دەدرێ پیێ ی ، وەهەرکەسێک خۆی بکوژێ بەوەی وورگی خۆی بدڕێ بەهەرچیەک بێ ئەوا دەیهێنن و لەسەر ئەو شێوەیەی کە خۆی پێ لەناو بردووە لە ئاگردادەمێنێتەوە بەنەمریی و هەمیشەیی ، وەلەریوایەتێکی بوخاری دا هاتووە کە ئەو کەسەی بەشتێک خۆی ئەخنکێنێ ئەوا هەمان حاڵی ئەبێت لەئاگردا . وەهەرکەسێک بەئەنقەست خۆی کوشتبێ ئەوا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه واله وسلم نوێژی لەسەر نەکردووە لە فەرموودەیەکدا کە (جابر بن سمرة ) ڕیوایەتی کردووە و شێخ ئەلبانی بە (حسن )ی داناوە ئاماژە بۆ ئەوە ئەکاو ئەفەرمووێ : ( ان رجلاً كانت به جراحة فأتى قرنا له فاخذ مشقصا ، فذبح به نفسه فلم يصل عليه نبي )

هەڵبەتە کەسێکیش بەنەزانی توش بێ ئەوا لەو حوکمە بەدەرەو حاڵی جیایە لەدوارۆژدا خوای گەورە فەرموویەتی : { وليس عليكم جناح فيما أخطأتم به ولكن ماتعمدت قلوبكم } واتە: تاوانتان لەسەر نانوسرێ لەوەی کەبەهەڵە کردووتانە بەڵام ئەگەر لەدڵەوە بێ و بەئەنقەست لاڕێ یی بکەن بەرپرس دەبن و لەسەرتان دەنوسرێ ٠

## کوشتنی موسڵمان بەناهەق و بە ئەنقەست

موسڵمان ئەکوژرێ و جاری واهەیە کوشتنەکەی هەقەو جاری واش هەیە ناهەقە ئەوەی کەهەقەو ستەم نیە لەتۆڵەی کوشتنی کەسێکە یاخود بەهۆی لێدەرکردنی حەددێکە بەسەریدا دەسەپێنرێ لەلایەن خەلیفەی موسوڵمانانەوە یان جێگری ، ئەوەش بەناهەق ئەکوژرێ یان بەئەنقەست (عمداً) یان بەهەڵەو لەرێی نەزانینەوە (خطأ ) ەوەیە ، جاسەبارەت بەکوشتنی بەئەنقەست خوای گەورە فەرموویەتی : { ومن يقتل مؤمناً متعمداً فجزاؤه جهنم خالداً فيها وغضب الله عليه ولعنه وأعد له عذاباً عظيما}واتە : هەرکەسێک بەئەنقەست بڕواداریێک



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بكوژێ لـه تـۆڵەی ئـەوە دەخرێتە دۆزەخەوە بەنەمری تێیدا دەمێنێتەوە ، خودا لێ ی بەرقدا چووەو نەفرینی لێ کردوە سزایەکی گەورەی بۆ ئامادە کردووە ٠
بێ گـومان ڕوونـه کەشـوێنی دۆزەخەو بەنەمری تێیدا ئەمێنێتەوە و خوا لێ ی توڕە ئەبێ و نەفـرینی لێ ئـەکا و سـزایی گـەورەی بـۆ ئامـادە کردووە . هەروەها لەسورەتی (الفرقان ) دا فەرموویەتی : { وَالَّذين لاَيَدْعُون َ مَعَ اللّهِ إلَهاَ آخَرَ وَلاَ يَقْتُلُونَ النَّفسَ الّتي حَرّمَ اللهُ إلا بِالْحَق وَلاَيَزْنُونَ وَمَـنْ يَفْعَلْ ذَلكَ يَلْقَ أثَاماَ (٦٨) يُضَاعَفْ لَهُ ألعَذَاب يَوْمَ ألقِيَامَه وَيَخْلُدْ فيه مُهَانا(٦٩) الا منْ تَابَ وَعَمِلَ عَمَـلاَ صَـالحاَ فَأُولـئِكَ يُبَدلُ اللهُ سَيِئاتِهِم حَسَنَاتِ وَكَانَ اللهُ غفوراَ رَحيمَا (٧٠)} واتـە: وەئەوانـەش کەلەگـەڵ خـوادا لەکەسـی تـر ناپاڕێـنەوە ناپەرستن وەکەسیش ناکوژن کـە خـوای گەورە قەدەغـەی کـردووە و پـێ ی ناڕەوایـە مەگـەر بـەوەی کـەکارێک بکـا شایـستەی کوشـتن بێ وەداوێـن پیـسیش نەکـەن هەرکەسـێ ئەو کارانە بکا تاوانی خۆی دێتەوە ڕێ رۆژی دوایی بە دوو چـەندانە سـزاو ئازار دەدرێ بەسووک و ریسوایی لەوێدا دەمێنێتەوە مەگەر ئەو کەسە تۆبە بکا بـاوەڕ بـێنێ و کـردەوەی چـاک ڕەچـاو بکـا ئـەوا خودا خراپەکانی بۆ دەگۆڕێ بە چاکە خودای تەعالا لێبووردەو دلۆڤانە ٠
وەلـە سـورەتی ( الاسـراء ) فەرمـوویەتی : { ولاتقـتلوا الـنفس التي حرم الله الا بالحق ومن قتل مظلـوما فقـد جعلـنا لولـيه سلطانا فلا يسرف في القتل انه كان منصورا }واتـە: کەسێک مەکوژن کەخـودا قەدەغـەی کـردووە مەگـەر بەناهـەق کەسـێکی کوشـت یاخـود هەرکارێکی کـرد کـە لەشەرعدا کوشتنی بۆ دانراوە ٠
پێغمـبەری ئازیزیشمان صلى الله عليه واله وسلم فەرموویەتی : (( اول مايقضى بين الناس يوم القيامه في الدما )) بـوخاری (٦٨٦٢) مـسلم (١٦٧٨ ) واتە یەکەم شتێک لەنێوان خەڵکیدا جێ بەجێ دەکرێ و دەبڕێنرێتەوە خوێن ڕێژی یە ٠
لـەووتاری حەجی مـاڵ ئاوایـیشدا فـەرمان بەموسـڵمانان ئـەکا و ئەفەرمووێ : (( فلا ترجعوا بعـدى كفـارا يـضرب بعـضكم رقـاب بعض)) واتـە دوای مـن مەگەڕێنەوە سەر کوفر بەوە هەندێکتان بدەن لەگەردنی هەندێکتان و یەکتری بکوژن ٠
هـەروەها لەفەرموودەیەکـی تـردا ئامـاژە بـەوە ئـەکا کەیەکـێک لەتاوانـە هەرەگـەورەکان کوشـتنی خەڵکـە بەناهـەق ( عـبادة بن الصامت ) ووتـویەتی لەکۆڕێدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا صـلى الله علـيه واله وسلم بووین فەرمووی : بەیعەتم پێ ئەدەن لەسەر ئەوەی کە هاوەڵ بۆ خوا دانەنـێن و داوێـن پیـسی و دزی نەکـەن وەهـیچ کەسـێک بەناهـەق نەکـوژن جاهەرکەسـێک پەیوەست بێت بەمانە ئەوا پاداشی لای خوایە ٠
وەلەفەرموودەیەکی تردا کە بوخاری و (٦٨٧٤) ومسلم (١٦١) ڕیوایەتیان کردووە لە ( عبدالله ابن عمر) دەوە فەرمـوویەتی : (من حمل علينا السلاح فليس منا) واتـە هـەرکەسێک چەکی هەڵگرت دژمـان لـە ئـێمە نیـە ٠ وەکوشـتنی ئەهلـی زیمە قەدەغەکراوە ئەگەر بەهەڵەبێ دەبێ فدیە و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کەفارەت بدات خۆئەگەر بەعەمدی ( بەئەنقەس) ئەواتاونەکەی گەورەترە ، بۆیە شێخی ئیسلام لەسەر ئەوە ڕۆیشتووە کە ئەگەر لەڕێ ی فێڵەوە بوو ئەوا ئەو موسڵمانەی ئەو کارە دەکات لەبری ئەو کەسە دەکوژرێتەوە · ئەوە مەزهەبی ئیمامی مالیکە ( رەحمەتی خوای لێبێ) ·

سەبارەت بەوانەش کەڕوو دەکەنە وولاتی موسڵمانان و پەیمانیان لەگەڵدا دەبەستریٚ دڵنیاییان پیٚ دەدریٚ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه واله وسلم فەرموویەتی : (( من قتل نفسا معاهدا لم يرح رائحة الجنة وان ريحها توجد من مسيرة أربعين عاما )) بوخاری (٣١٦٦) واتە : هەرکەسێک کەسێکی کوشت لەوانەی کەپەیمانیان لەگەڵدا بەستراوە و دڵنیا کراون بۆ پاراستنیان لە هاتنیاندا بۆ وولاتی موسڵمانان ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات گەرچی بۆنەکەی بەئەندازەی چل ساڵ ڕۆیشتنی کاروان دەڕوا . بەڵگەی ترمان زۆرن سەبارەت بەهەرکام لەوانەی کەباسکران لەدووتوێی کتێبە فقهی یەکاندا. ئەوانەش کە بەبەڵگەی نادروست ئەو کاولکاریی و کوشت و کوشتارەدەکەن کە گوایە ئەو خەڵکە لەسەر نیەتی خۆی زیندوو دەکرێتەوە ودەستیان ناپارێزن ، لەمێژووی ئومەتی ئیسلامی دا شی وا نەبووە ، ئەو جۆرە بۆچوونە لە خۆ هەڵخەڵەتاندن و کاولکاری بەدەر نیە وەک ئاماژەمان پیٚ کرد ڕاستە ئەو کەسە لەسەر نیەتی خۆی زیندوودەکرێتەوە بەڵام ئەو کەسە سزا دەدریٚ لەسەر ئەو ناهەقییە و تۆڵەی دەکەوێتە سەر ، چونکە خوای پەروەردگار هیچ کارێک قبوڵ ناکا کە زوڵم و ستەمی تێدا بکریٚ وەبەتەنهابۆ خوانەبیٚ و بەپێی سووننەت نەبیٚ ئەو دووانە ( خوا پیٚ مەبەست بوون و وەکو هی پێغەمبەربوون ( الاخلاص والصواب ) مەرجن بۆ گیرابوونی کردەوە .ئەوە لەڕووی شەرعیەوە ، لەرووی واقیعشەوە دۆڕان وتێکشان و پاکتاوکردنی ئەو گرووپ و دەستانەیەوئەمریکا ئەو وولاتەی کردۆتە تەڵەیەک بۆگرتن و نەهێشتنیان ، ئەوە وێرایی ئەوەی خەڵکی موسڵمان دەبنە قوربانی و بەقازانجی ئەمەریکا تەواو دەبیٚ بەوە ئەمەریکا توانیویەتی ئەو شەڕە بگوازێتەوە بۆ وولاتی موسڵمانان و تێیدا بمێنێتەوە ، لەلایەکی ترەوە لەخۆی دوور خستۆتەوە و مەترسیەکانی لەسەر گەلی خۆی کەم کردۆتەوە لە بواری ئابووریش بەشێوەیەک بەهرەمەند دەبیٚ کە بەخەیاڵیاندا نەهاتووە ·

بەر لەکۆتایی حەز ئەکەم ئاماژە بەچەند ڕاستیەک بکەم بەئومێدی ئەوەی دەمامکی ساختەو پەردە پۆشکراوی کەسانی هەڵ پەرست و تاوان بار بەناوی ئیسلام و سەلەفیەت لابریٚ ئەو تاوانە زل و ناحەزانە بەسەر خەڵکی لەخوا ترس ساغ نەکرێتەوە یاخود ئیسلامی پیٚ تاوان بار نەکریٚ هەروەکو ووتمان ئەو جۆرە کارانە هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نیە نە لەقورئان و نە لە سووننەتی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه واله وسلم بەڵکو بەگەورەترین تاوان دانراون لەئیسلامدا جا هەرناوێکیان لیٚ بنریٚ { جیهاد ، بەرگریی ، شەهیدی خوازیی ..........هتد } بەڵکو لەبنەرەتدا کاولکاریی و خۆکوژیی و ڕەشەکوژیی یە ، چونکە تەواوی بەڵگەکان ڕێز



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نـان لەموسـڵمانان و پاراسـتنی خـوێن و ماڵـیان پێویـست دەکـەن تەنانـەت خۆبەدوور گرتن لەتانـەدان چ جـای کافرکـردن و کوشـتنیان ئەگـەر بەووردیـی و بەهەسـتێکی زیـندووە وە بڕوانینە نوسراو و فەتوای زانایانی پایە بەرزی ئەو دینە بەگشتی ئەو کارانە محکوم دەکەن و بـەکاری تـێکدەرانەو گـێرە شـێوێن و لەشـەرع بـەدەرو ترسـناک نـاوی ئـەو جـۆرە کارانـە ئەبـەن ئـەوان پـی یـان وایـە ئـەم کارانـە سـتەم و نـاڕەوان و مایـەی چەواشەکردینی دینە لە خەڵکی و ناشیرین کردنی ئیسلام و خزمەتی ڕاستەقینەی دووژمنانی دینە ٠
چارەسـەری ئـەو دیـاردە دزێوو قێزە وونانە وەهەموو ئەو دەردو نەهامەتیانە گەرانەوەیە بـۆ قـورئان سـوننەتی پێغەمـبەری خـوا صـلى الله علـيه واله وسلم ، دابڕینی کۆمەڵگا لەو دینەو دوورخـستنەوەیان لێ ی بەهەرناوێکـەوەبێ بـەرەو هەڵدێربـردنیانە ، لـە خواترسـان گەورەتـرین بـنەمایە بـۆ دوور کەوتـنەوە لـەتاوان و سـتەم ، هـەر ئەویشە مایەیی سەرفرازی هەردووودونـیا هەموو دەم ٠ وەزۆر گرنگە هیچ لایەک بەچاوی تاوانباریەوە سەیری براکەی نـەکاو پـێ وانـەبێ هـەرچی باسـی ئیـسلام و دیـنی کـرد بـڕوای بەوکارانـە هەیـە چـونکە بەو شـێوەیە مامەڵـە کـردن و ڕوانـین لەیەکتـری جـۆرێکە لـەزیادە ڕەویـی ئـەوەش ناهەقیەکەو پێویستە هەمووولایەک لەهەڵەو زیادە ڕەوی دووركەوتنەوە
لەکۆتایدا لەخوای گەورە دەپاڕێمەوە کە هیچ کامـان نەبینە نێچیری شەیتان و شەرمەزاری هـەردوو دنـیامان نـەکاو شـارەزامان کـات لـە ئایـنەکەمان ، لـەو بـەلاو ئاشـووبانە بمـان پارێـزێ ٠٠ ئامین ٠ [وصلى الله وسلم وبارك على عبده ونبيه محمد وعلى اله وصحبه أجمعين]

**ئومێد ڕانیەیی**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com